کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

16-12-2007 19:56 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**وەزارەتی رۆشنبیری و گەندەڵیەکانی... فەلەک بێبەختە فەلەک ... هەرسین بێباس**

سەیرەوەزارەتێك بەناوی رۆشنبیریەوە بێت و جگە لە رۆشنبیری هەموو شتێکی دیکە بێت!! من لەخۆمەوە شت نانوسم و لێی نادوێم، رەنگە برادەرانێك هەبن ئەو نوسینەی منیان زۆر پێناخۆش بێت ئەگەرچی من یەکەم کەس نیم کەشفی ئەسراری ئەو برادەرانە بکەم، چونکە لە رۆژنامەکان بە مانشێتی گەورە دزینی ملیۆنەها دۆلاری ئەم میللەتە لەسەر دەستی گەورە دزانی وەزارەتی رۆشنبیری بڵاودەبێتەوە.

نوسین لەسەر ئەو وەزارەتە زۆر زەحمەت نییە، چونکە ئەوەی تەنها دوو رۆژێك لەوی بژیت یان سەردانی لق و پۆپەکانی بکات، بەتایبەت سەتەلایتی نەورۆزو رادیۆکەیان و دیوانی وەزارەت ئیدی بەسە بۆ نوسینی خەرمانێك ووشەو رونکردنەوەی گەندەلی و کارە ناشرینەکانی ئەم وەزارەتە.

وەزیری رۆشنبیری بەپیاوێکی مەعقول ناسرابوو، بەڵام کاتێك ئەم پۆستەی وەرگرت لەم کابینەیە رەنگە زۆر لەنهێنیەکانی ئاشکرابوبێت، بەر لەوەی باسیشی بکەم دەمەوی بڵێم وەزیر لەباڵی کاك مەسعودە نەك نێچیرڤان بارزانی، بۆیە ئەوی رۆژی نێچیر لە کۆبونەوەی لەگەڵ سەرنوسەری ژمارەیەك رۆژنامەی ئەهلی و حزبی لە هەولێر لەوانە هاولاتی، ئاوێنە، خەبات، کوردستانی نوی، رۆژنامە، رادیۆی نەوا.. تد پێی گوتین راستە وەزارەتی رۆشنبیری ئەوە حاڵیەتی بەڵام ئێوە شوکر نین "فەلەك جلی شاخی داناوەو چاکەت و پانتۆڵ دەکاتەبەری!!

لە کێشەکەی نێوان وەزیرو بەڕێوبەری گشتیی راگەیاندنیش کاك نێچیرڤان پێی گوتم تێلم بۆ کردووە بەڵام بەخوا خەڵەفاوە من چیبکەم، بەینی خۆشمان بێت عومەر فەتاحیش تەلەفۆنی بۆ کرد گوێم لێبو پێی ووت هەر ئێستا ئەمری نەقلی هەڵگورد هەڵدەوەشێنیەوەو بانگی دەکەی و قسەی لەگەڵدا دەکەی..!

لەوانەیە ئەوە کەمێك بێت لەسەر وەزیر، هێشتا شتی دیکەش ماوەبینوسم و ئەوەی بە ئێمە دەگاتەوە لە ئەنجومەن زۆر زیاترە!! برادەرانی خۆیشی پێیان گوتوە تۆ لەسەر لێواری و خەباتی چەند ساڵەی خۆت پڕ شوخت و خاڵی رەش مەکەو ورە بۆخۆت لەماڵ دانیشە.

وەزیر کوڕێکی لەگەڵدایە بەناوی فەرهاد داوود، بەڕێوبەری نوسینگەکەیەتی بەڵام بەپێی زانیاری هەموو کارێك بە وەزیر دەکات، خۆشمان دەزانین فەرهاد لەسەرەوە بەرەسمی لەلایەن مەسرور بە بەڕێوبەری نوسینگەی کاك فەلەکەدین دانراوە، بەقەناعەتی شەخسی من و برادەرانیش وەزیر تەواو پیر بووەو پێویستە پارتی وەك حزب بیر لە چارەسەرێکی ئەو شوێنە بکاتەوە چونکە خەریکە ئەو پیاوە تەواو گوماناوی دەبێت لە بەڕێوە بردن، ئەگەرچی حەقیقەتێك هەیە کە کاك فەلەك نە گومانی دزی لێدەکرێت نە کاری ئەخلاقی خراپ بە. لام دەوروبەرەکەی هێندە خراپن خۆیشی ووتەنی خەریکە وزارەتی پی چۆڵدەکەن.

پێتان بڵێم فەرهاد کراوەتە نوێنەری وەزیر لە سەتەلایتی نەورۆزو بەرپرسی بەشی یاسایی، لەکاتێکدا نە نوێنەری وەزیر لەمیلاکی وەزارەت و سەتەلایت بونی هەیە وەك ناونیشان نە کاکە فەرهادیش خۆی یاساییەو بڕوانامەیەکی خوار ئامادەیی هەیە.. ئەوەش مایە سەرسوڕمانە بۆ هەموان، لەوەش سەیرتر پێی دەڵێن فەرهادی یاسایی!!

ئەو برادەرە ئێستا موتەوەریتە "گڵاوە"لە کێشە ماددی و ئەخلاقیەکانی وەزارەت و سەتەلایتی نەورۆز، بێگومان من بی بەڵگە قسانیش ناکەم، ئەوەتا دوو ستۆدیۆی گەورە لە سەتەلایت هەیە بەڵام کاك محەمەد سەید قادر و کاك فەرهاد 150 ملیۆنیان لە ئەنجومەنی وەزیران وەرگرت بۆ دروستکردنی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16-12-2007 19:56

ستۆدیۆیەکی دیکە گوایە بەم پارەیە بەڵام ئەو ستۆدیۆیەی دروستیان کردووە نیوەی ئەو پارەی تێناچێت! کوا پارەکە دیکە.. ! هاوکات ستۆدیۆیەکی دیکەشیان دروستکرد لە پشتەوەی کۆشکی هونەر گوایە 45 ملیۆن دیناری تێچووە بەڵام تەنها 15 ملیۆن خەجیەکەی بووەو ئەوی تری لۆش کراوە.
لەکاتێکدا ئەو دوو ستۆدیۆیەی باسمکردن لە سەر ڕێگەی سەلاحەدین نەك هەر نوێی و مۆدێرنن بگرە هیچ کام لە سەتەلایتەکانی کوردستان و عیراق ستۆدیۆی وایان نییە.. !! شەش مانگیشە تەواو بوون کاری لێناکەن!!
سەیرتر ئەوەیە کاك فەلەك دەزگای نەورۆزی بە نوسراوی رەسمی و فەرمانی وەزارەت دامەزراند بەڵام ئەنجومەنی وەزیران بەرەسمی ئاگادارایان کردوە کە دەبێت هەڵیوەشێنێتەوە کەچی فەرمانی دەرنەکرد بۆ هەڵوەشاندنەوە.. !!
لە هەموی سەیرتر کاکە مەحەمەد خۆی خانەنشینەو لەلایەن وەزیر راستەخۆ کراوەتە سەپەرشتیاری سەتەلایت لەکاتێکدا بەپێی یاسا هیچ کەسێك نابێت بکرێتە سەرپەشتیاری دەزگایەکی حکومەت بەگرێبەست!! بەڵام کاك مەحەمەد سەید قادر کراوە بە سەرپەرشتیار؟! من پرسیار لە حکومەتیش دەکەم ئەی ئێوە ئاگادار نین.. ؟
گرفتە ئەخلاقیەکانی رادیۆو سەتەلایتش زۆرن کە دەکرێت مشتیك لە خەرمانەکەی باس بکەین، بەرێوبەری رادیۆ کاك (ژیلوان تایەر) یش کەمی نەکردووەو ناکات وەك هەموو جاری خۆیشی دەڵێت ئەم دونیا بریتیە لە وورگ ...
ئەوی رۆژێش برادەرێك بۆی گێڕاینەوە گوایە کارمەندێك لەبەشی دوو هەواڵی کۆسرەت رەسول عەلی لە شریتی خوارەوەی هەواڵەکان دانا بوو کاك محەمەد خۆشناویش وایزانیبو هەواڵێکە دووجار دوبارە بۆتەوە بۆیە بە کارمەندەکە دەڵێت هەواڵی ئەو ملخوارە بۆ دوبارە دەکەیتەوە، ئیدی دەبێتە شەڕیان و لەئەنجامدا کاکی هەواڵنوس کە بۆنی کەسکبونی لێدەکرێت دەردەکرێت، دواتر کاك فەلەك وەعدی گەڕانەوەی دەداتی بەڵام ئەو برادەرە دیارە رازی نەبووە ئەگەرچی بە کاکەیی دەڵێت دەتوانم نهێنیەکانی نێو سەتەلاتت ئاشکرا بکەم بەڵام لەسەر داوای وەزیر ئەو برادەرە بێدەنگ دەبێت، بیریشمان نەچێت ئەو برادەرە پێشتر لە رۆژنامەی هەواڵ کاری کردووەو دەیتوانی بەزووترین کات ئەم هەواڵە بگەیەنێتە رۆژنامەی هەواڵ و وەزعەکە بشلەقێنی.
لەوەش خراپتر هەرچی بۆنی کەسکبونی لێبکرێت لە سەتەلایت و رادیۆ دەریانکردووەو نەیانهێشتوە بگرە هەموو هەفتەیەك لە بارەگای تیڤی و رادیۆ کۆبونەوەی حزبی دەکرێت، من لەوە تێناگەم بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بێدەنگە، چونکە ناکری دەزگایەك بەناوی حکومەت بێت و کاری حزب بکات.
رەنگە زۆر شتی دیکە هەبێت بینوسم بەڵام ماوەی ئەو هەموو نوسینە نییە، ئەوەی لەو چەند وشەویەی سەرەوەش مەبەستمە خستنەرووی ئەو فەوزایەی هەیە لە وەزارەتی رۆشنبیری کە بەپلەی یەکەم پەیوەندی بە وەزیرو ژمارەیەك کەسی دیاریکراوەوە هەیەو ئەنجومەنی وەزیرانیش ئاگاداری ئەو بارودۆخەیە بەڵام عەجەب حکومەت و سەرۆکایەتی و تەنانەت پەرلەمانیش کەلیژنەیەکی رۆشنبیری زۆر سەقەتی لێیە بێدەنگن ئەوا ئەو وولامە بۆ وولامدانەوەی ئەو ووتارە جێدەهێڵم..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.